# بەسەرکردنەوەی شوێنەوارەکان
# و
# کاریگەری هەڕەشەی دەسدرێژی بۆ سەریان

## کەمال نوری مەعروف

کوردستان بە هۆی زۆری شوێنەوارەکانی و جیاوازی سەردەمەکانیان ناوبانگی دەرکردووە کە پاشماوەکانی بۆ شارستانێتی جیاجیا دەگەڕێتەوە کە تیایدا نەشونمایانکردووە و پێشکەوتون.. ئەمەش لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە مرۆڤی کۆن دەستیکردوە بە دروسکردنی ئامێرە بەردینەکانی کە بۆ دەیان هەزارساڵ بەرلەزایین دەگەڕێتەوە هەروەکو لە ئەشکەوتەکانی شانەدەر و هەزارمێرد و زەرزی و پاڵەگەورە دۆزرانەوە هەروەها لە دەشتیش لە (تورکەکە) و (کاوری خان) و (کەریم شایەر) دەرکەوتن.

لە دەشتی شارەزوریش لە رۆخی روباری زەڵم لەو بەردەئەستێیانە دۆزرانەوە, هۆکاری بوونی ئەوانەش دەگەڕێتەوە بۆ لەباریی ژینگەی کوردستان کە بووەتە هۆی پێشخستنی ژیانی مرۆڤ و خستنەوەی ئاوەدانی و پێشکەوتن.. ئەمەش وایکردووە لە قۆناغەکانی دواتردا مرۆڤ دەسبکات بە کێڵانی زەوی و چاندنی دانەوێڵە هەروەکو لە قەلاچەرمووی چەمچەماڵ دەرکەوت کە تیایدا ئێسقانی ئاژەڵی ماڵیش دۆزرایەوە, مرۆڤ لە زەویەکەیدا بە هۆی خۆشی ئاووهەواوە توانی ئارامبگرێ و هەوڵی گەورەشی دا دواتر بۆ دروسکردنی گوندی کشتوکاڵی پێشکەوتوویتر, هەروەکو لە گردەگەورەی ناوچەی هەولێر دەرکەوت.

گونده كشتوكاڵییەكانیش لەگەڵ رۆشتنی كاتدا زۆر بوون و بەرەو پێشچوون بە هۆی پێشكەوتنی مرۆڤ لە بوارەكانی ژیاندا و بیركردنەوەی زۆری بۆ دروستكردنی پێداویستییەكانی ژیانی رۆژانەی, هەر ئەوەش وایكرد سیستمی كۆمەلاّیەتی دەربكەویّ و شارستانێتی درەوشاوەی لە بوارە جیاجیاكاندا لێبكەوێتەوە بەوەش رادەی بیركردنەوەی مرۆڤ بەو یەكتاپەرستی و شارەزایی تەواویشی لەبوارەكانی ئەستێرە ناسی پەیداكرد, هەروەها لە بوارەكانی پزیشكگەری و دەرمانسازیش لە گژوگیا و كەرەستەكانیتر بۆ مانەوەی شارەزایی پەیداكرد.

ئەو رادەی پێشكەوتنەش لە (٧) حەوت هەزار ساڵی بەرلەزاینەوە سەرەتاكەی لە كوردستاندا دەركەوت و بە درێژایی چاخە مێژوویەكانیش بەردەوامی هەبوو,هەر ئەوەش وایكرد ببێتە هۆی كۆچی گەلانی جیاجیای زاگرۆسییەكان و هیندۆئەوروپییەكان بەرەو ولاّتی زاموا و تیایدا دابنیشن.

رەنگدانەوەی ئەو كۆچەش لە میلەكەی ئانۆبانینی لە سەرپێڵی زەهاو بەرچاو دەكەویّ, هۆكاری ئەو مانەوەیەش هەروەكو ئاماژەمان پێدا بۆ پیتوبەرەكەتی زەوییەكەی و ئاووهەوای باشی و ئاوی زۆر سەرچاوەی هەڵگرتووە.. هەموو ئەو هۆكارانەش هاوبەشیانكردووە لەپارێزگاری لەو شارستانییەتە رەسەنەی كورد و مانەوەی و پێشكەوتنی لە هاتنی كۆچی ئەو گەلانە كە گوتییەكان و لۆلۆییەكان و كاشییەكان و میتانییەكان و مادەكان و ئاشكانییەكان و گەلێكیتربوون, كە بوونە هۆی ئەوەی لانكەی شارستانێتی پێشكەوتوی كورد بە نەمری بهێڵنەوە كە وێنەكەی لە رۆژگاری مادەكاندا هەنگاوی گەورەی بەرەوپێش نا و هۆكاری ئەمەش بە هۆی كردنەوەی دەرگای شارستانێتیتر بوو لەسەریان و هێنانی دیاردەی شارستانێتی یۆنانی كە بەڵگەی لەبەرچاو لەمەدا دوو كۆڵەكە ئایۆنییەكەی قسنی قزقەبانە و ئەو نەخشونیگارانەی لەسەر گۆڕەكانیان كراوە.

بەو دەركەوتنەش بیروڕا و سەیركردن و بۆچوونی جوان لە زانست و هونەر و فەلسەفەی ناوازە لەناویانا رەنگیدایەوە كە پاشماوەكانیان لە مۆزەخانەكانی دنیادا بەرچاودەكەون یان پاشماوەی خانووبەرەیان لە گۆڕەهەڵكۆڵراوە بەردینەكانیاندا دیارن لەوانە

گۆڕەبەردینەکەی قزقەبان و کوڕ و کچ و دوکان داودی ناوچەی کرماشان و گەلێکیتر لەسەر ئەوانەشەوە شێرەبەردینەکەی هەمەدان و کۆڵەکە هەڵکۆڵراوە بەردینەکانی تەختی جەمشید بە وێنەی ئادەمی و حەیوانی, هەروەها خشڵ و جوانکارییەکانی قەڵای زێویی نزیك سەقز بەڵگەی گەورەن لەو رووەوە, هەڵکۆڵینەکەی ئەشکەوتی کەرەفتووش کە شێوەی جوانی بیناسازی ئاشکانییە بەشێکیترە لەو جوانکارییە ئەندازیاریانە و هونەرە گەورەیەی ئەو چاخە.

لە رۆژگاری ئەمرۆماندا پاشماوەی ئەو گەلە لەبیرچووانە لەناو گردوتەپۆڵکە شوێنەوارییەکاندا بەرچاو دەکەون و بە کاری کنە و پشکنین دەدۆزرێنەوە.. ئەوەی لەو شوێنەوارانە لە کوردستانا تۆمارکراون زیاترە لە (٢) هەزار و لە هەندێ ناوچەدا کاری هەڵکەندن و دەسدرێژی بۆ سەریان و بە تالآنبردنی ئاسەوارەکانیان بەردەوامە.

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی چاودێریکردنیان ونەبونی راگەیاندنی خەڵکیش بە نرخی شوێنەوار و ئاسەوار بۆ مێژوو بەڵگەیەکیترە لەو نەمان و فەوتانە, نموونە بۆ ئەو قسەیەش زۆرە هەروەکو جارێکیان لە سەردانێکمدا بۆ گردی سەراوی سوبحان ئاغا ساڵی (٢٠٠١) دیم خەڵکی گوندەکە خەریکی هەڵکەندنبوون, پێمگوتن: بۆ وا لە مێژووی هەزار ساڵەی ئەو گردە دەکەن و دەیشێوێنن لە وەلآمدا گوتیان: مێژوو چییە.؟ ئێمە دەمانەوێ لە دۆزینەوەی ئاسەوارەکانیدا شتێکمان دەستبکەوێت ئەوەتا بە دیارمانەوە بە توورەکە دراوە و وەستاون هەرکە ئاسەوارێگمان دۆزییەوە بەپارەیەکی زۆر لێماندەکڕین.

من ناڵێم بێکاری هۆکار نییە بۆ ئەم دەسدرێژییە,بەلآم مرۆڤی هوشیار هەرگیز یاری بە ناسنامەی خۆی ناکات.

لێرەدا ئەو دەسدرێژیانەی دەکرێنەسەر شوێنەوارەکان دەتوانین لەم خالآنەدا کۆیانبکەینەوە:

١- بە هۆی کێلآنی زەوی کشتوکاڵییەوە لەلایەن جوتیارەکانی گوندەکانەوە بەشێکی زۆر لەو شوێنەوارانەی لەژێر زەویدان لە شێوەی گۆڕی کووپەڵەیی و گۆڕی ئاسایی کە بۆ سەردەمەکانی ساسانی و ئاشکانی دەگەڕێنەوە یان کێلآنی گردوتەپۆڵکە نزمەکان

کە لە زەوی کشتوکاڵیدا هەن و بۆ سەردەمەکانی عوبێد و وەرکا دەگەڕێنەوە بەرەو نەمان و کۆتایی دەڕۆن, نموونە بۆ ئەمەش کاتێك رووپێوی شوێنەوارەکانی ناوچەی کۆیەم دەکرد لە ساڵی (٢٠٠٣) بۆم دەرکەوت بەشێکی زۆر لەو شوێنەوارە دێرینانەی کە بۆ هەزارەی پێنجەم و چوارەمی بەرلەزایین دەگەڕێنەوە بەر ئەو کێڵانە کەوتوون بەوەش سەرچاوەیەکی گەورەی مێژوویی ئەو سەردەمە و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەرەوەی ناوچەکە لەدەستچووە.

٢- لە کاتی دروستکردنی پرۆژەیەکی ئاودێری وکردنەوەی رێگا و گەیشتن بە شوێنی کارکردنەکە رێدەکەوێت لێپرسراوی پرۆژەکە بێگوێدان بە وەرگرتنی رێگەدان لە شوێنی بەرپرس کە شوێنەوارە دەستبکاتە کارکردن و ئەوەی لە گردەکە شوێنەوارییەکە یان بەشێکی دەکەوێتە سەر رێگاکە بیبڕێ و گردەکە ناشیرین بکا و ئاسەوارەکانی ناویشی لەناوبەرێت بەوەش تەنیا هەر زیان بە گردەکە و ئاسەوارەکانی ناکەوێت بەڵکو زیان بە مێژووی دێرینی نەتەوەکەشمان دەگات کە پێویستە پارێزگاری لێبکەین و بەتەنگییەوە ببین و بە دووری بگرین لە وێرانکاری, بەڵگەی زیندووش بۆ ئەمە گردی سەراوی سوبحان ئاغایە کە لەلایەن رێکخراوی (فاو) وێرانکرا بە مەبەستی دروستکردنی بەربەستێك بۆ ئاوەکەی و کۆکردنەوەی ئەوەش لەسەر وێرانکردنی شوێنەوارەکە بەجێگەیەنرا.. کاتێکیش داوامان لە لێپرسراوان کرد کە داوا لەو رێکخراوە بکەن کارەکەیان رابگرن و بەرپرس لەو وێرانکارییەی شوێنەوارەکە بدرێتە دادگا یەکێك نەبوو بە دەنگمانەوە بێ و گردەکەش لایەکی وێرانبوو لێبڕا بۆ کردنەوەی رێگاکە و گەیشتن بە ئاوەکە.. ئەو گردەی کە لە سەرچاوە ئاشوورییەکانی سەردەمی ئاشوور ناسرپاڵی دووەم لە هێرشەکەیدا بۆ سەر وڵاتی (زاموا) ناوی هاتووە.

٣- لە هەموو ئەو هۆکارانەش خراپتر کە بەسەر شوێنەوارەکانمان هاتووە رۆڵی دز و قاچاخچییەکان لە کوردستانا و هاندانی مرۆڤی ساویلکەیە بە کەمێك دراو کە کاری هەڵکەندنی شوێنەوارەکانی پێئەنجامدەدەن بۆ دۆزینەوەی ئاسەوار, دوایی هەر خۆیان قاچاخچییەکان لەودیو سنوور بە دراوێکی زۆر دەیفرۆشنەوە, بەڵگەی زیندووش بۆ

ئەمە پەیکەرەکەی سەراوی سوبحان ئاغایە یان ئەو ئاسەوارانەیە کە لە مۆزەخانەکانی ئەودیو سنوور دانراون و بۆ ناوچەی شارەزوور دەگەڕێنەوە و گرنگی بۆ شارستانێتی دێرینی کورد.

٤- شەڕی چەندساڵەی عێراق – ئێرانیش رۆڵی کەمی نەگێڕا بۆ دزینی ئاسەوار و ئاودیوکردنی ئەوەتا میلەبەردینەکەی کێلەشین کە بۆ سەردەمی رۆسای یەکێك لە پادشاکانی ئۆراتۆ دەگەڕێتەوە ئێستا لە مۆزەخانەی (ورمیێ) دانراوە کە لە ناوچەی (رەواندوز)ـەوە گوێزرایەوە، ئەو میلەبەردینەی کە سنووری نێوان ئۆراتۆ و ئاشووری دەستنیشانکرد بۆ جیاکردنەوەی دەسەلاّتیان.

٥- نابێت ئەوەش لەیادبکەین بە هۆی دروسکردنی هەردوو بەربەستی دوکان – دەربەندیخان لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو, ژمارەیەکی زۆر لەو شوێنەوارانە کەوتنەبەر دەریاچەکانیانەوە کە بۆ نووسینەوەی مێژوومان کەرەستەیەکی ناوازەبوون بەتایبەتی شوێنەوارەکانی ناوچەی بتوێن کە بۆ سەردەمی (ماد) دەگەرانەوە و سەرئەنجام کەوتنە ژێرئاو.

لەگەڵ ئەوانەشدا رووبەرێکی زۆریش لە زەوی کشتوکاڵی بەو هۆیەوە لە دەستچوون بێئەوەی ئێمەی کورد سوود لە ئاوەکانیان ببینین یان بۆ خزمەتی ناوچەکەمان دروسکرابن,من ناڵێم کنە و پشکنین لە هەندێك لە شوێنەوارە ژێرئاوکەوتووەکاندا نەکراوە, بەلاّم ئەوەی کراوە لە چاو ئەوهەموو گردوتەپۆڵکە ژێرئاوکەوتووانە ژمارەیەکی کەمە و هەندێکیش لەو شوێنەوارانە هەر بەناو کاری کنە و پشکنینی خێرایی تیاداکراوە بێئەوەی ئەنجامبپێکن یان لە سروشتی مێژووی ناوچەکە و سەردەمی شوێنەوارەکان تێبگەن کە بە هۆیانەوە ناوچەکە نەشونمایکردووە, بەلاّم ئەوەی لەو رووەوە بە دروسکردنی ئەو دوو بەربەستە سوودی بە ئێمە گەیاندووە واتە بە مێژووی شوێنەوارەکان ئەگەر کەمیش بێت, بەلاّم دەتوانین بڵێین: یەکەم کنە و پشکنینێکی شوێنەواری گەورە بوو لە کوردستاندا کە بەو قەوارە گەورەیە کرابێت لەدوای کنە و پشکنینەکەی (برەیدوود) لە ناوچەی چەمچەماڵ لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکان کە توانرا مێژووی ناوچەی رانیە و سەردەمە شارستانییەتەکەی و

پەیوەندییان لەگەڵ ولاّتی سۆمەر و بابل و ئاشوور و ولاّتی ئێرانی دراوسیّ دەربخەن نموونەی لەبەرچاویش بۆ ئەمە پەپکە قورِینەکانی شمشارە و مێژووی (کواری) فەرمانرِەواکەیەتی کە بۆ چاخی هەژدەی بەرلەزاین دەگەرِێتەوە.

بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانرا لەسەر ناوچەی دەریاچەی بەربەستی دەربەندیخانیش شتێك بنووسرێت,بەلاّم دەمارگرژی عەرەبچێتی رێگەی پێنەدان و ئەنجامەکانی کنە و پشکنینەکان و تیشکەکانی شارستانییەت بۆ سەر مێژووی ناوچەکە هەر بە شاراوەیی مایەوە, دکتۆر کازم جەنابی راستی فەرمووە, دەڵێ: شارستانییەتی گردی (شاملە) لە شارەزوور کە بۆ هەزارەی دووەمی بەرلەزایین دەگەرِێتەوە و لە کۆمەڵێك گۆزە و گلێنەی ناوازەدا خۆی نیشاندا و دەرکەوت وێنەی نە لە عێراق و نە لە دەرەوەی عێراق هەیە, دەبو دوای تەواو بوونی کاری کنە و پشکنینەکەی شارەزوور لەسەریان بنووسیایە, بەلاّم شتەکە هەروا بە شاراوەیی مایەوە و ئەوەیان تیادادەرنەخست کە پەیوەندی ئەو شارستانییە لەگەڵ کام شارستانییەتیتری هاوتەمەنیا هەبووە و ئایا کاریگەری )شاملو) بەسەر ئەوانیترەوە بووە یان بەپێچەوانەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: پارێزگاریکردن لە شوێنەوارەکانی کوردستان کارێکی هاوبەشە و زیاتریش دەبێت دەزگاکانی راگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستن بەو ئەرکە نیشتمانییە و هەوڵیان لەگەڵ راگەیاندنی حیزبە کوردستانییەکاندا یەکبخەن بۆ پاراستنی ئەو پاشماوە دێرینە کە باو ك و باپیرانمان بۆیان جێهێشتووین و لەوانیشەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە, چونکە راگەیاندن دەنگ و وێنەیە و بە هەموولایەك دەگات و دەبینرێت و دەتوانێت رۆڵی کاریگەری هەبێت.